کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 29-11-2007 21:46

## ڕاگەیاندن وچەواشەکاریەکانی ... هۆشیار مەلا عبدالرحمن

مەترسیدارترین چەکی کۆمەڵکوژی فرەیی مێدیاکانن، کە عەقڵ وئاوەزو هۆشی داهێنان لەمێشکی مرۆڤەکاندا ناهێڵن و لەجێگەیدا ترس وبێبڕوایی ودودڵی بڵاودەکەنەوە. m. v. verick

زانیاریەکانمان خەریکە وایلێدێت کە تەنها ئەو شتانە بزانین کەلە مێدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە، چونکەمێدیاکانمان هەموو بوارەکانی ژیانیان مۆنۆپۆل کردووە وچاك وخەراپ وڕاست وناڕاست لەمێدیاکانەوە وەردەگیرێن. مێدیاکان لەڕاستیدا ئەرکی سەرەکییان ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان گۆڕینەوەی زانیاریەکانە مێدیاو ڕاگەیاندنەکانی کوردستانیش لەو پاشاگەردانی و خائۆسە بەدەرنین و بگرە بەشی شێریشیان بەرکەوتووە بەو پێیەی لەم وڵاتە نیمچەئازادەی ئێمەدا هەر کەسەو ئەسپی خۆی تاودەدا، لەبەر ئەوەی هێشتا لەکوردستاندا ستراتیژ و نۆرم وبەهایەکی نەتەوایەتی یا نیشتیمانی کۆمان ناکاتەوە کە هەموومان لەو ڕوانگەیەوە بەو ئاراستەیە بنوسین، ئەو بابەتەی کەدەمەوێ وەك نمونەیەکی زیدووی ئەم پاشاگەردانیەی مێدیاکان ئاماژەی پێبکەم ڕاگەیاندن و ئاگاداریەکانی ناوندی چاکە کەسەرجەمی سایتە ئەلەکترۆنیەکانی داگیرکردووە، لەڕاستیدا هەوڵ وبیرۆکەی دامەزراندنی ناوەندەکە هەڵقولاوی بیرێکی ئەوپەڕی دڵسۆزو مرۆڤدۆستانەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەرمەسەلەیەکی هەستیاری گەلەکەمان کاردەکەن کەس بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای نوسین و ڕاگەیاندنەکانیان ناکات، ناوەندی چاك بەڕواڵەت وبەناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانیانا بەحیزبێکی بەهێزی ئۆپۆزۆتسیۆن دەچن وەك لەوەی ناوەندێکی ئەکادیمی بن بۆ لێکۆڵینەوەی بەدیکۆمێنت کردنی کارەساتەکانی کیمابارانی کوردستان ئەنفالەکان، ئەمە جگەلەوەی چاك وەك ڕێکخراوێکی ئەکادیمی ڕەفتار ناکەن زیاتر سیمای حیزبایەتیان پێوە دیارە ئەوەندەی رق وکینەی کۆن دوبارەدەکەنەوە ئەوەندە خەریکی ئامانجەڕاستەقینەکەی ناوندەکەنین. ئەم ناوەندە لەداهاتویەکی نزیکدا هەڵدەوەشێتەوە لەبەر ئەوەی چەند هەڵەیەکی روخێنەر لە بنچینەی تەلاری ئەو ڕێکخراوە دا هەیە کەگەورەترینیان نەبوونی هەماهەنگیە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی ناوەندەکەو بەگشتی بوونی لەسەر ئاستی کوردستان لێکترازان وبەشبوونی ئەو ناوەندە زیانێکی گەورەدەگەیەنێ بەو دۆزەی کەلەپێناویدا دروست بووە. مێدیاو ڕاگەیاندنەکانی ئەم لایەنانە هەر نووسەرێکیان سایتێکی تایبەتی خۆی هەیە بەئارەزووی خۆی دەنوسێ وەك حیزبێکی ئۆپۆزۆتسیۆن بەربینی حیزبەدەسەڵاتدارە گەورەکانی کوردستانی گرتووە جگە لەوەی هەموو سەروەریەکانی بەهەرای هوریایی خۆی سڕیوەتەوە ولێسەندۆنەتەوە لە ریزی داگیرکەرو ئەنفالچیەکاندا پۆلینی کردوون و هیچ کوردێکی دڵسۆز لاری لە دڵسۆزی ئەندامان هەڵسوڕێنەرانی ئەم ناوەندە نیە وکەس دژی ئەوە نیە کە دەزگایەکمان هەبێ بۆ بە دۆکۆمێنتکردن ناساندنی ئەو کارەسات ونەهامەتیانەی کەلە لایەن داگیکەرانەوە دژی گەلەکەمان ئەنجامدراون، بەڵام بەیاریکردن بەهەستی کەس وکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان کیمیابارانەکان بەتایبەتی هەڵەبجە نابنە میراتگرو خەمخۆری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان، ئەگەرچی بەنوسین وناونیشانی سرنجڕاکێشەر هیچیان تیا نەهێشتۆتەوە بەڵام وەك پراکتیك هەر هەموویان ئەوەندەی تاکە نەفەرێکی ئەرمەنی کاریگەرییان بۆ دۆزی کوردو ناساندن وبەیاسایی کردنی ئەنفالەکان نەبووە، وا چاکترە هەرچی زووترە ئەو ناوەندە بۆ خەڵکانی پسپۆڕو زمان زانی نەوەی نوێی کورد جێ بهێڵن، ئێوە تازە ناتوانن رزگارتان بێت لە پاشماوەی کەلتوری حیزبایەتی، ناوەندی چاك بەحوکمی چۆنایەتی کارەکانیان تاکە ناوەندێکن کەکەمترین ڕەخنەیان لێگیراوە ئەمیش خۆی لەخۆیدا بەخەراپ بەسەر هەڵسوڕێنەرانی ئەم ناوەندەدا شکایەوە، لێگەڕان لەم ناوەندەو ڕەخنە لێنەگرتنی دەگەڕێتەوە مینتالیتەیتی گەلی کورد بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:46 29-11-2007

مەسەلەیەکی هەستیاری وەك وکیمیابارانی هەلەبجەو ئەنفال وبێسەرو شوێنکردنی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد کە هەروا ئاسان نیە لەکاتێکا زۆربەی ئەم خەڵکانە خۆبەختانەو لەگیرفانی خۆیانەوە بەو کارەهەڵساون و هەیانە هەمووکاتێکی خۆی بۆ کارەکانی ئەم ناوەندە تەرخان کردووە بەڵام لەبەر بوونی ئەو هەڵەیەی سەرەوە کەباسمان کرد هەوڵەکانی دەگەنە بنبەست وساردبوونە و وازهێنان، ئەویش لەبەر ئەوەی گوتاریان بەگوێرەی کرداریان نیە زۆربەیان لە وڵاتانی ئەوروپین دەژین کەدەبوو چاو لە لاوێکی ئەرمەنی وەك و ئارپور ئابراهام بکەن بکەن کە چۆن بۆ ناساندنی دۆزی قەتڵ وعامی ئەرمەن کاردەکات لەجیاتی ئەوەی دژایەتی کردنی دەسەڵات بکاتە ئەجندای خۆی، چاك هەموو روداوەکان بەئاراستەی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەخاتە گەڕ بۆ نمونە نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی کورد لەئەوروپا دژی لەشکرکێشی سوپای تورکە کەمالیستەکان چاك بەم هەڵوێستە شی ئەوەندەتر خۆی بچوکتر کردەوە لەبەرئەوەی لەهەندێ ووڵاتی ئەوروپی خۆپیشاندانەکان بەژمارەزۆرو گەورەبوون لە چاو ئەو شوێنانەوە کە ناوەندی چاك تێیدا کاران ئەرکی سەرەکی چاك خەڵك هێنانە سەرشەقام نیە بەتایبەتی لەئەوروپا هەندێ بارو دۆخ هەن پێویستیان بە هاندەری وەکو چاك وحیزبەکانیش نیە بۆ نمونە ساڵانی ١٩٨٨ وکۆچڕەوەکەی ٩١ بەشێوەکی سەرسورهێنەر خۆنیشاندانیان کرد لەئەوروپا ئەسکەندنافیا کە ئەو کاتە نەحیزبەکان ڕۆڵیان هەبوو نە ناوەندێکی وەك و چاك بوونی هەبوو واتا هەندێ بۆنەی نەتەوەیی هەیە کەس خاوەنی نیە. تاکەکانی ئەو گەلە مەترسیەکە دەگاتە بینیان (تۆلێرانز) رادەپەڕن و پەلاماری ئەو سەرچاوانەدەدەن کە پەیوەندیان بەمەترسیەکەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم ناوەندە نەیتوانی ببێتە ئەو دەزگا ستراتیژەی کە کورد پێویستێتی لەبەر ئەوەی ئەم پۆلە هەڵسوڕێنەرەشی نەیاتوانی خۆیان بێ لایەن ڕابگرن و هەر بوونەوە بە پاشکۆی نەهامەتیەکانی رابووردوو، ئێوە بۆ هەموو ڕوداوەکان سەروگوێلاکی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەکوتنەوە ڕژێمی کەمالیست دەرگای بەکورد گرتووە بەئەندازەی ڕژێمەداگیرکەرەکە دەسەڵاتەکەی خۆمان ڕسوادەکەن، ڕژێمی ئاخوندەکان تۆپبارانی گوندە سنوریەکان دەکەن هەر بەهەمان شێوە، ئەی ئێوە جارێ بەخۆتاندا چوونەتەوە کە ئایا هەموو ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن ڕاست وبەجێین یاتەعجیزین پێم وایە ئێوە بەم سیاسەتەی ئێستاتان تەنها خەڵکی چەواشەدەکەن زیان بەکەس و کاری شەهیدان دەگەیەنن، ناوەندی چاك بێ لێکدانەوەکی بابەتیانە دامەزراوە بۆیە تووشی رووداوی هەڵوەشانەوە دەبێ چونکە بێجگە لە پاڵپشتی و ویستی گەل پێویستی بەبودجەی زۆر هەیە هەر دەبوایە لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە سەرچاوەی داراییەکەی دابین بکرایا لە لایەن دەسەڵاتەکانی ئەوسای حیزبەکانەوە، باش نەخوێندنەوەی ئەوەی کە لە هەموو ووڵاتێکدا هەر دەبێ حیزب ونوێنەرەکانی دەسەڵات پێك بهێنن بەهەموو کەموو کوڕیەکانیانەوە، ئەو حوکم وداوایانەی چاك لەسەر زەوی لەئاستی جێبەجێکردندا نین. ئەوەشتان لەبیرنەچێ کە نەخۆشی ناوزەدکردنی یەکتری بە کەمایەتی وزۆرایەتی چارەسەری کێشەکان ناکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.